## برێڤ

# سویدییه‌ک که‌و ده‌کوژێت .!



**شێرزاد هه‌ینی**
Sherzad55@hotmail.com

له كه‌ناڵێكی عه‌ره‌بیدا دوو وێنه‌ی فۆتۆگرافی دوو چۆله‌كه‌ی هاوسه‌ریان له دوا برگه‌ی نووچه‌و هه‌واڵه‌كان بڵاوكرده‌وه، نێره‌كه له ده‌شتێكی وشكدا ده‌ندووكی بۆ دڵۆپه ئاوێ به په‌رۆشه‌وه كردبوونه‌وه، كه مێینه‌كه به‌ته‌نگاوی ئاوی گه‌یاندبووێ، نێرینه‌كه له تێنوویه‌تیدا مرداربببوو، بێژه‌ره‌كه وتی، ئه‌و دیمه‌نه هه‌زاره‌ها كه‌سی له بینه‌رانی وڵاتانی ئه‌ورووپی به سۆزه‌وه‌و به‌ڕاستی گریاندووه، به‌ڵام دڵنیام كه‌س له بینه‌رانی ئێمه بۆ ئه‌و پاساره مردووه‌و دڵسۆزی و خه‌می زیندووه‌كه‌ش نه‌گریاوه. راست ده‌كات، كه‌س بۆ باڵنده‌ی مردار و كه‌وی قاسپه خۆش نه‌ك ناگرێن، به‌ئاشكراو و بۆ خۆشیش راویان ده‌كه‌ن.

له‌و رۆژانه به ته‌له‌فۆن له براده‌رێكم پرسی، براكه‌ت چۆنه ..! له كوێیه ..! ئه‌ویش له به‌رسڤدا وتی:

زۆر باشه، بۆ خۆیان خۆش ده‌ژین، له‌و رۆژانه ته‌له‌فۆنم بۆ كرد، وتی وا له‌سه‌ر چیای سه‌فین له‌و هه‌واره نازداره خه‌ریكی راوه كه‌وین. دیاره شه‌وه‌كه‌ی مه‌زه‌مان گۆشتی كه‌و ده‌بێت، چه‌لاوه‌كه‌شی به تامه‌و بێ ئێوه ناخۆش نۆشی ده‌كه‌ین. ..!!

براده‌ره‌كه‌م وتی:

منیش له ته‌له‌فۆنه‌كه‌مه‌وه له‌گه‌ڵ براكه‌م تامی گۆشتی كه‌وه‌كانم كرد، منیش چه‌لاوه‌كه‌م نۆشی، خۆزگه به‌خۆیان ...

له‌و ئاخاوتنه كورته‌دا منیش له ناو ته‌له‌فۆنه‌كه‌مه‌وه تووڕه‌ییم بۆ نارد، به تووڕه‌ییه‌وه وتم:

توخوا بۆ براكه‌ت عه‌یب نییه له ئه‌ورووپا گه‌ڕاوه‌ته‌وه، له‌سه‌ر سه‌فین كه‌وی گه‌رده‌ن به‌خاڵ ده‌كوژێت، قاسپه‌ی كه‌وی خۆش ده‌خنكێنێ، توخوا ئه‌وه‌نده ساڵه‌ش له ئه‌ورووپا ژیا ئه‌وه‌نده فێر نه‌بوو، باڵنده‌ی جوان نه‌كوژێت، پیرۆزی كه‌وی نه‌زانی ..!! ئه‌دی ناڵێن راو به هه‌موو جۆرێك له هاووڵاتیان و به‌رپرسانیش قه‌ده‌غه‌كراوه ..

ئەویش زوو هاتە وڵام و وتی:
کاکە بە داو راوی کردووە، بە گوللەو فیشەک نا. منیش وتم، بێگومان بە داوە، سینگ و باڵی کەو بەرگەی گوللەی حەفتا و پێنجی دەگرێت...!!

ئەو برادەرە کە ماوەیەکی زۆر لە ئەوروپا ژیاوەو بەشانازییەوە ناسنامەشی وەرگرتووە، سەدان جار، دەستی لەرزۆکی پیرەژنی تەمەن سەرووی حەفتاو هەشتا ساڵەی بینیوە، چۆن لە سوپەرمارکێتەکان دانی تایبەتی، چەوری تایبەتی لەناو تۆڕی تایبەتی بۆ باڵندەکان، دەکڕن.

ئەو برادەرە سەدان جاری بینیوە کە چۆن هاووڵاتیان هێلانەی قەدی دارە بەرزەکان، لە زستانە ساردەکان، بۆ باڵندەکان، تەژی خواردنی چەورو بەسوود دەکەن.

سەدان جار ئەوەی بینیوە کە شەختەو بەفری ئەستووری ئاوو گۆمەکان دەبەستێت، سەدان کەس بە بسماری تایبەتی لە کاتی پشوودانیان بەفرە ئەستوورەکان کون دەکەن، لەسەر شەختە دەمینێنەوەو کونی باریک لەو شاخە سەختە دەکەن، تا خواردن بۆ وردە ماسییەکان، بۆ زیندەوەرەکان شۆڕ بکەنەوە.

ئەو برادەرە قەت نەیدیوە لەناو پارکە گەورەکاندا سەدان قازو مەراوی و تەیری ملدرێژ مەلە دەکەن، بە سەماکانیان ئاسۆی ئاوەکان رەنگین دەکەن، هەموو لایەک بە دەستی نازیان وردە نان و خواردنیان بۆ فڕێ دەدەن.

ئەو برادەرە لە بیری نەماوە، لەو وڵاتە چەندین پاراستنگەو کۆگەڵی ئاژەڵ و باڵندە، بۆ مان و بەخێوکردن و بەماڵکردن دانراوە، منالان هەر لە رۆژانی یەکەمی چوونە باخچەی ساوایان و سەرەتایی بۆ سەردان و راهێنان لە پیرۆزیی و دڵۆڤانی دەستە دەستە دەیانبەن، وێنەیان دەگرن، دان و نانیان بۆ دەبەن، بە نازەوە یارییان هاوشان دەکەن.

ئەوانەو دیاردەو بەرنامەی زۆر لەو وڵاتانە سازو ئامادەیە،هەمووش بۆ پیرۆزی ژینگەو زیندەوەرو رەوشت ناسکی و دلۆڤانییە..!





rawezhgovar@yahoo.com